# گوزارشێک لە بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی پرسی کەمایەتییەکان
# لە شاری ژێنێڤ

ڕۆژانی ١٢ و ١٣ی نوامبێر لە مەقەڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری ژێنێڤ دووهەمین کۆنفرانسی پرسی کەمایەتییەکان بەڕێوە چوو.

لەو کۆنفرانسەدا زیاتر لە ٢٣٥ نەتەوە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە بەشدار بوون و زۆربەیان وتاری تایبەت بە خۆیانیان خوێندەوە.

کۆنفرانسەکە سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی دەستی پێکرد و بەڕێز ئالێکس فان میۆن سەرۆکی شووڕای مافی مرۆڤ وتاری دەستپێکی کۆنفرانسەکەی خوێندەوە کە تێیدا ئاماژە بە گرینگ بوونی باسی کەمایەتییەکان و هەوڵەکانی یەکساڵی ڕابردووی ئەو ڕێکخراوە درابوو.

دواتر خانمی گەی مەک دۆنالد پسپۆڕی سەربەخۆ لە شۆڕای ئەمنییەت بۆ پرسی کەمایەتییەکان وتاری خۆی پێشکەش کرد و باسی لە گرینگ بوونی پرسی کەمایەتییەکان کرد و داوای لە هەموو لایەنەکان کرد بە جیدییەتی زیاترەوە پێداگری لەسەر مافی کەمایەتییەکان بکەن.

لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا نوینەرانی دەیان نەتەوە و ڕێکخراوی جۆراوجۆر وتاری خۆیان خوێندەوە.

شایانی باسە ٣ ئەندامی کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشداری ئەم کۆنفرانسە بوون و جەختیان لە سەر گرینگ بوونی پرسی کەمایەتییەکان لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێستای ئامریکادا کرد و ئاماژەیان بە چەند هەوڵێک دا کە لەم بوارەدا ئەنجامیان داوە.

جێگای ئاماژەیە نوێنەرانی نەتەوە بندەستەکانی وڵاتی ئێرانیش بەشداری ئەم کۆنفڕاسە بوون و نوێنەری هەر کام لەو نەتەوانە وتەی خۆیان پێشکەش بە بەشداربووان کرد و ئاماژەیان بەو زوڵم و زۆرە دا وا لە ئێران بە سەر کەمایەتییەکاندا زاڵە و سەرنجی بەشداربووانیان بۆ لای خۆیان و پرسی کەمایەتییەکان لە ئێراندا ڕاکێشا.

پێویست بە وتنە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە بێوڵاتەکان ناسراو بە (UNPO)وە، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک نوێنەرانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بانگهێشت کرابوون و بەشداری ئەم کۆنفرانسە بوون و هەر کام لە کۆمەڵە و حیزبی دیمۆکڕات وتەی خۆیان پێشکەش بە کۆنفرانسەکە کرد و دواتریش بەیانامەیەکی هاوبەشیان پێشکەش کرد.

جێگای ئاماژەیە وەفدی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێکهاتبوو لە بەڕێزان، هاوڕێیان ناهید بەهمەنی ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە، خالید حسێنزادە ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی کۆمەڵە و بەختیار عەلیار ئەندامی کۆمیتەی کۆمەڵە لە وڵاتی سوئیس.

له درێژەی کۆنفرانسەکەدا نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران وەتەیەکی چەواشەکارانە و بێ-بنەمای خوێندەوە کە لەگەڵ نارەزایەتیی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە بەرەوڕوو بوو و جارێکی دیکە ماهییەتی دژە ئینسانیی کۆماری ئیسلامی بە باشی نیشانی بیروڕای گشتی دا.
کۆنفرانسی ناوبراو سەعات ٦ی ئێوارەی رۆژی ١٣ی نوامبێر کۆتایی پێهات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**